# ڕۆڵ وپیشەی ژن لە کوردستانی کۆن
# (لە هەزارەی سێیەمی پ.ز. لە ئاوێنەی شوێنەوارەکانەوە)

**هاژە عەبدولجەبار ڕەزا**
بەشی شوێنەوار، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی
hazha.raza@univsul.edu.iq

**پوختە:**
گومانی تێدانیە ژن وەک تاکێکی سەرەکی وگرنگی نێو کۆمەڵگە بەگشتی وخێزان بەتایبەتی لە سەردەمە دێریەکانەوە تاوەکو ئێستا ڕۆڵ و گرنگیەکی یەکجار زۆری هەبووە، بەدەر لەوەی لەدەرەوە شانبەشانی پیاو سەرقاڵی کارکردن بووە، لەماڵەوە ئەرکی چێشتلێنان وخاوێن کردنەوەی ماڵ و بەخێوکردنی مناڵەکانی لە ئەستۆ بووە. لەم توێژینەوەیەدا ڕوشنایی دەخەینە سەر دەرکەوتنی ژن لەسەر شوێنەوارەکانی کورستان لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین، بە پشتبەستن بە بەڵگە شوێنەوارییەکان دەبینن ژن بە شێوەیەکی بەرچاو ولە دیمەنی جیاجیادا دەرکەوتووە. بەدەر لەوانەش لەبەر ڕۆشنایی دەقە میخییەکان ئاشنای ناوی کەسی و ئەرک و پیشەی بەشێک لەو ژنانە دەبین کە لەسەر شوێنەوارەکان (وەک مۆرە لولەییەکان) لەو هەزارەیەدا دەرکەوتوون، بۆنمونە شاژنە 'ئوقنیتوم Uqnitum' کە هاوسەری پادشای خوری 'توپکیشTupkiš' بووە، لەسەر مۆرە لولەییەکانی ئورکیش بە ناوی 'ئوقنیتوم-ی شاژنNIN Uqnitum' و'ئوقنیتوم-ی هاوسەرUqnitum Dam ' دەرکەوتووە، یەک کەسایەتی لە دوو ئەرک ورۆڵی جیاوازدا دەبینرێت، یەکەمینیان وەک شاژنی وولات، دووهەمیان وەکو هاوسەری سەرەکی پادشا ودایکی شازادەی جێنشین کە لە کەشێکی تەواو خێزانیدا دەرکەوتووە, هەروەها ناوی 'زامێنا Zamena ' وەک دەستەڕاست وهاوکاری شاژن وخزمەتکاری تایبەت بەخۆی ودایەنی مناڵەکانی، و'تولی Tuli وەک چێشتلێنەری ئوقنیتوم دەرکەوتوون. ئەمانە وەک دوو کەسایەتی گرنگی نێو کۆشکی شاهانە ڕۆڵیان گێراوە لە خزمەتکردنی شاژن وبەڕێوەبردنی کار وپیشەی خۆیان وەکو ئامادەکردنی خوانی ڕۆژانەی شاژنە ئوقنیتوم و وبەڕیوەبردنی خوانی تایبەت بە ئاهەنگ وبۆنەکان.
**کلیلە ووشە:** ئوقنیتوم-ی شاژن، ئوقنیتوم –ی هاوسەر، زامێنا Zamena 'ی دایەن، 'تولی Tuliی چێشتلێنەر، دروستکردنی گڵێنە، خزمەتکار.

**الملخص**
لا شك أن المرأة كفرد مهم في المجتمع بشكل عام والأسرة بشكل خاص كان لها دور كبير منذ القدم. في هذه الدراسة سنسلط الضوء على ظهور المرأة في المواقع الأثرية في كردستان في الألف الثالث قبل الميلاد، استناداً إلى الأدلة الأثرية، ظهرت النساء بشكل ملحوظ في مشاهد مختلفة مثل كمشاهد عائلية، دينيه؟، العمل، الطبخ، صناعة الفخار، الموسيقيين، المطربين، وما إلى ذلك. بالإضافة إلى ذلك، في ضوء النصوص المسمارية، نتعرف على الأسماء الشخصية والمهن لبعض النساء على الآثار (الاختام الاسطوانية) في تلك الألفية. تظهر شخصية اوقنيتوم على الاختام كزوجة رئيسية للملك الخوري توپكيش دونت اسمها بعنوان **اوقنيتوم الملكة** NIN Uqnitum مرة **واوقنيتوم الزوجة** Uqnitum Damمرة اخرى. ظهرت هذه الشخصية بأدوار مختلفة، الأولى كملكة البلاد، والثانية كزوجة الملك ووالدة ولي العهد. ظهرت اسم زاميناZamena كخادمة و راعية لاوقنيتوم واولادها على ختمين، اما اسم توليTuli ظهرت عله ختمين كطاهية او رئيسة الطباخين في القصر الملكي.

**Summary**
There is no doubt that women, as an important individual in society in general and the family in particular, have played a major role since ancient times. In this study, we will shed light on the appearance of women in archaeological sites in Kurdistan in the third millennium BC. Based on archaeological evidence, women appeared noticeably in various scenes such as family scenes, religious scenes, work, cooking, pottery making, musicians, singers, etc. till then. In addition, in light



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

of the cuneiform texts, we learn about the personal names and occupations of some women on the monuments (cylinder seals) of that millennium. The character of **Uqnitum** appears on the seals as the chief wife of King Father Topkish. Her name was written as **Uqnitum** the Queen **NIN Uqnitum** once and **Uqnitum** the Wife **Uqnitum Dam** another time. This character appeared in different roles, the first as the queen of the country, and the second as the king's wife and the mother of the crown prince. The name **Zamena** appears on two seals as a maid and caretaker of **Uqnitum** and her children, while the name **Tuli** appears on two seals as a cook or head chef in the royal palace.

**پێشەکی:**

بەڵگە شوێنەوارییەکان دەیسەلمێنن کە ژن لە سەردەمە دێرینەکانی کوردستان خاوەن کەسایەتیەکی تایبەت بووە. ڕۆڵ وپێگەیەکی گرنگی هەبووە چ لە نێو خێزانەکەی وەکو هاوسەر و دایک چ وەکو دەستی کار کە جێگە دەستی دیارە لەو ئەرک وپەرپرسیارێتیەیی پێێ دەدرێت لە کۆمەڵگە. هەرچەندە ئەو بایەخەی بە ژن دراوە هیچ کاتێک نەگەیشتۆتە ئاستی ڕەگەزی بەرامبەر چونکە کۆمەڵگەی میسۆپۆتامیا بە گشتی وکوردستان بەتایبەتی پیاو سالاری بووە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا پێ دەچێت ژن توانیبێتی تارادەیەک ئازادییەک بۆخۆی دەستەبەر بکات بۆ ئەوەی بتوانی مافەکانی بەدەست بهێنێت بۆ نمونە لە ڕووی کارکردنەوە، لەلایەکەوە بۆ ئەوەی داهاتی تایبەت بەخۆی هەبێت، لەلایەکی ترەوە شانبەشانی پیاو هاوکاری خێزانەکەی بدات.

لەگەڵ جێگیربوونی مرۆڤ وسەرەتای دەرکەوتنی کشتوکاڵ ومالیکردنی ئاژەڵ ودروستکردنی گڵێنە (بۆ چێشت لێنان وخەزنکردن) کە یەکێکن لە کۆنترین ئەو پیشانەی ژنان شانبەشانی پیاوان لە چاخی بەردینی نوێێ ئەنجامیان داوە، کاری/پیشەی ڕستن وچنین بە پێشینەی ئەو کارانە دادەنرێت کە مرۆڤ بە گشتی وژن بەتایبەتی ئەنجامیدابێت، دوای ئەوەی توانی ئامرازی بەردین وتەنانەت لەئێسک وتەختەش دروستبکات. مێژووی ئەم پیشەیە لە کوردستان بۆ چاخی بەردینی نوێێ دەگەڕێتەوە بەبەلگەی دۆزینەوەی چەند ئامرازێکی شوێنەواری گرنگی وەک سەرەتەشی (Spindle Whorls) لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان کە ئاماژەیە بۆ پێشکەوتنی لایەنی پیشەسازی لە ناوچەکە. بۆ نمونە لە گوندی چەرمۆ سەرەتەشی لە بەرد (الدباغ، ١٩٨٥، ١٢١-١٢٢) و قوڕ (Morales, 1983, 390) دۆزرایەوە کە ئاماژەیە بۆ زانینی کاری ڕستن وچنین لەلایەن ژنان وپیاوانەوە ئەنجامدراوە. وەکو ڕستنی خوری (باقر، ١٩٧٣، ٢٢٠). لەگەڵ ئەوەشدا دەرزی ودیلوانی لە ئێسک دروستکراو لە چەرمۆ دۆزراوەتەوە، کە دەرزی لە ئامرازە سەرەکییەکانی جل وبەرگن (Watson, 1983, 362). لەناوچەکانی شمشارە (Matthews,2000, 73) ونشینگەی تەمر خان نزیک لە مەندەلی(الجادر، ١٩٨٥، ٨) کە هاوسەردەمی چەرمۆ-ن ژمارەیەکی بەرچاو لەسەرەتەشی دۆزرایەوە کە بۆ کاری ڕستن وچنین بەکاردەهێنرێت (ابراهیم، ٢٠٠٣، ٥٢).

توێژەر بەڵگەی هەبوونی پێشەی ڕستن وچنینی وەک نمونەی ئەو پیشانە هێنایەوە کە دەشێت تایبەتبن بەژنان لەدوای ئەو کارو پیشانە ڕۆڵی کارای تێدا گێراوە لەگەڵ پیاواندا. تاوەکو بەرەو فراوانی کۆمەڵگە بڕۆین لە سەردەمە مێژووییەکان نزیک بینەوە کاروپیشەکان هەمەجۆر وفراوانتر دەبن، بەتایبەت لە هەزارەی سێیەمی پ.ز. کە پەیوەندی بە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەمان هەیە ولەڕێی ئەنجامی کنەوپشکنینەکان ودۆزینەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە بەڵگە شونەوارییە دۆزراوەکان لە ناوچەکانی کوردستان دەردەکەوێت کە دەرکەوتنی ژنان وڕۆڵ وپیشەی لەسەر هەڵکۆڵراوەکان ومۆرە لولەیەکان دەرکەوتوون، بەدەر لەوەی هەندێک جار ئەگەر هەبێت نوسینەمیخییەکانیش دەبنە سەرچاوەی زانیاریمان لەسەر دەرخستنی پێگە و ڕۆڵ وپیشەی ژنان لەو هەزارەیەدا.

**بەڵگە شوێنەوارییەکان:**


**١- هەڵکۆڵراوەکان:** لەناوچەی توێژینەوەکەماندا ژمارەیەکی زۆری لە هەڵکۆڵڕاوەکان یان نەخشە چیاکان بەدی دەکرێن کە بۆ هەزارەی سێیەمی پ.ز. دەگەڕێنەوە، بەڵام کەمیان هەن کە دیمەنی ژنیان تیدا بێت، خۆی دەبینێتە لە یەک هەڵکۆڵڕاو کە تاوەکو ئێستا دۆزرابێتەوە. لێرەدا ئەو هەڵکۆڵراوە دەخەینە ڕوو کە ژنانی تێدا دەردەوێت.

١-١: **هەڵکۆڵراوی ئەشکەوتی گوندک:** ئەشکەوتی گوندگ دەکەوێتە نزیک ئاکرێ (لە دووری ١,٥ کم لە باکوری ڕۆژهەلاتی گوندی گوندک (الامین،( (١٩٤٨))، ٢٠٤). هەڵکۆڵراوەکانی نێو ئەم ئەشکەوتە لە سێ تابلۆ پێک هاتووە (Ahmed, 2012, 93). ئەگەر هاتووکەسێک بچێتە نێۆ ئەشکەوتەکە دوو هەڵکۆڵراوی گەورەی لەسەر یەک دەبینێت کە دەکەوێتە لای چەپی مەدخەلیدەرەکی ئەشکەوتەکە بەدووری ١٢م، وبەبەرزی ١٥م. ڕووبەری ئەم هەڵکۆڵراوە (٦ *٣)م (الامین،((١٩٤٨))، ٢٠٤). لە رێی مامۆستا تەوفیق وەهبیەوە پێمانگەیشتووە کە لایارد وباخمان وێنەی هەلکۆڵراوەکەیان

کێشاوەتەوە (وەبی، ((١٩٨٧))، ٥٥٦–٥٥٧). توێژەر بەپێویستی نازانێت باسی تابلۆی یەکەم وسێیەم بکات لەبەر ئەوەی هیچ دیمەنی ژنی تێدا بەدی ناکرێت بەوەش ناچێتە چوار چێوەی توێژینەوەکەماندا.

**تابلۆی دووەم:** دەکەوێتە بەشی خوارەوەی تابلۆی یەکەم پێک دێت لە دیمەنی ئاهەنگ گێران، تیایدا ژمارەیەک لە کەسانی پێگەیشتوو وسێ منداڵ پێک هاتوون (بڕوانە وێنەی١). لەبەر ئەوەی بە هیچ شێوەیەک بەڵگەی نووسینی لەسەر نییە ولەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ڕووی گەورەکان شوێنەواری ڕیش بەدی ناکرێت دەکرێت بڵێین هەموو ئەوانەی دەرکەوتوون لەسەر ئەم تابلۆیە ژنن (ئافرەتن)، هەرچەندە دەکرێت هەموویان پیاو بن لەبەر ئەوەی لەناوچەی زاگرۆسدا ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتیە شاهانەکان بەبێ ڕیش دەردەکەون (Ahmed, 2012, 93 ).

توێژەر پێی وایەکە دەکرێت هەردوو ڕەگەز لە تابلۆکەدا دەرکەوتن، بەتایبەت ئەگەر هاتوو کۆبونەوەکە یا ئاهەنگەکە خێزانی بێت ومنداڵی تێدا بێت ناکرێت ژنانی تێدا نەبێت، بەتایبەت وەک دەردەکەوێت منداڵەکان ساوان ومنداڵی ساواش زیاتر پەیوەست وهۆگری ژنن (دایکن) وەک لە پیاو (باوک).




وێنەی ١:لای ڕاست، هێڵکاری لایارد بۆ هەڵکۆڵراوی گوندک، تابلۆی دووەم. لای چەپ، هێڵکاری هەڵکۆڵراوی گوندک. (الامین، ((١٩٤٨))، ص.٨–٩.

لەناوەندی دیمەنەکەدا دوو کەسایەتی قەبارە گەورەتر لەسەر کورسی وبەرامبەر بەیەک دانیشتوون، وادیارە دوو کەسایەتی شاهانەن، ئەوەی لای ڕاست پیاوە، وکەسایەتی لای چەپ بەپێی شێوازی بەستنی قژی وپرچەکەی بێت دەکرێت ژن بێت ((الامین،( (١٩٤٨))، ٢٠٥). ڕەنگە دایکی منداڵەکان بێت). هەردووکیان یەکی منداڵێکیان بەدەستەوەیە ولە نێوانیاندا دەفرێکی گەورە هەیە. لەلای چەپی دیمەنەکە دوو کەسایەتی دیکە بەپێوە وەستاون نزیک دەکەونەوە لەو ژنەی کە دانیشتووە، یەکەمیان وادیارە پیاوە ومنداڵێکی لەباوەش گرتووە، ئەوەی دیکەی بەپێی جلەکەی بێت کە ئاودامان ودرێژە وبەپێی شێوازی بەستنی قژی بێت کە نزیکە لە ستایلی قژی ژنی پێشوەوە ژنە، ئەم کەسایەتیە بەشێک پێی وایە منداڵی ساوای بەباوەشەوەیە(وەبی، ((١٩٨٧))، ٥٨٨). ،بەڵام لەلای توێژەر ڕوون نییە ئایا شتێکی بەدەستەوەیە یان سەرقاڵی ژێرکردنەوەی منداڵی پێشەوەیە بۆیە دەستی ئاراستەی منداڵەکە کردووە. دیمەنەکە ڕەنگە ئاهەنگ گێران وشتنی منداڵانی ساوابێت بەئامادەبوونی گەورەکان، هەرچەندە بەشێک پێیان وایە جۆرێکە لە تەعمید کردن (Ahmed, 2012, 93). لەلای ڕاستی دیمەنەکەو لەپشتی پیاوە دانیشتووەکە ژنێک بەپێوە وەستاوە وجلێکی سادە ودرێژی لەبەرە (وادیارە خزمەتکارە) بەپێی بەرزکردنەوەی دوو دەستی سەرەوەی بێت بۆسەرەوە ڕەنگە دەفرێکێکی هەڵگرتبێت کو ئاوی تێدا گواستبێتەوە (Ahmed, 2012, 93)، بۆ یارمەتدانی ئەو کەسانەی کە دانیشتوون، لەبەر ئەوەی ڕووی بۆلای چەپی تابلۆ هەڵکۆڵراوەکەیە.

ئەو سێ ژنەی دەرکەوتوون لەم تابلۆیەدا، کراسێکی سادەی درێژیان تا پاژنە لەبەرە، دووانی لای ڕاست (ئەوەی دانیشتووە لەسەر ستوولەکە وئەوەی لای ڕاست) پشتوێنێکیان بەستووە بەسەر کراسەکەوە کە بۆ جوان وتوند دۆڵی بەکاردێت، وئەوەی

لاچەپ نەبیەستووە(رضا، ٢٠١٦، ٥٦). لێرەدا ڕۆڵ وبەشداری ژنان لەئاهەنگی خێزانی وتایبەت بە منداڵ گرنگ وبایەخدار دەردەکەوێت لە پلە بەرزەکانەوە تاوەکو خزمەتکار ویارمەتدەرەکان.

**٢-مۆرە لولەیەکان :** مۆرە لولەیەکان یەکێکە لەسەرچاوە گرنگەکانی دیکە بۆ پشکنین وگەڕان لەسەر هونەری کۆن، لەبەر ئەوەی هەڵکۆڵین لەسەرمۆر بەبێ وەستان لە تێکڕای سەردەمەکان پەیڕەو کراوە. ئەو بەڵگە شوێنەوارییە گرنگە زۆر لایەنی رۆژانەی نێو کۆمەڵگەمان بۆ دەستنیشان دەکات (مورتکات، ١٩٧٥، ١٨١)، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە ژنەوە هەبێت چونکە زۆربەی کات بابەتی سەر مۆرەکان لەسەر خواست ویستی خاوەن مۆرەکە هەڵدەکۆڵرێت ومۆرسازیش جێبەجێ دەکات. بابەتەکانیش نیشاندەری لایەنی رۆژانەن ئەگەر هاتوو هەڵگری ڕێوڕەسمی ئاینی یان دیمەنی رۆژانە یان ئەفسانە بوبێتن (ناجی، ١٩٨٥، ٢٢١-٢٢٢). لەبەر ئەوەی مۆر ناسنامەی تاک بووە زۆر جار هەڵگری ناو وکارو پیشەی ونەنانەت بیروباوەڕی ئاینیی خاوەنەکەی بووە. هەرچەندە شوێنەوارەکانی کوردستان لەم هەزارەیەدا زۆرن بەلام بەشی هەرە زۆری توێژینەوەکەمان لەسەر مۆرەکانی ئورکیش دەبێت لەبەر ئەوەی زۆرترین وێنەی ژنی تێدا دەرکەوتووە.

**٢-١: مۆرە لولەییەکانی ئورکیش (گردی مۆزان):**

ئەو گردە دەکەوێتە باکوری رۆژهەلاتی سوریا (کوردستانی رۆژئاوا) لە دەشتاییەکانی خابور بۆ جاری یەکەم لەلایەن ماکس مالوانەوە ڕوپێوی شوێنەواری بۆکرا لە ساڵی ١٩٣٤، بەلام لەلایەن جۆرجیو بوتشیلاتیGiorgio Buccellati وکیلًی بوتشیلاتی Kelly- Buccellati لە ١٩٨٤بەشێوەیەکی ڕێک وپێک کنەوپشکنینی تێدا کرا ولە ١٩٥٥ زانرا کە گردی مۆزان شاری ئورکیش-ی کۆنە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پ.ز. ژمارەیەکی بەرچاو لە چاپی مۆری لولەیی دۆزرایەوە کە بۆ فەرمانڕەوایی خورییەکان توپکیش وژنەکەی ئوقنیتوم دەگەڕێتەوە. ئەم شارە پایتەختی خورییەکان بووە، و بەر لە سەردەمی میتانییەکانەوە دەرکەوتووە (Kelly-Buccellati,((2005)), 29)، خورییەکان یەکێکن لەگەلانی گرنگ وسەرەکی رۆژهەڵاتی کۆن، ناوچەکانی باکوری میسۆپۆتامیا وباکوری سوریایان بە ناوەندی نیشتەجێبوونی خۆیان دەستنیشانکرد (صالح، ٢٠٢٠، ٧٩).

وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا ژمارەیەکی بەرچاو لە مۆری لولەیی دۆزرانەوە بەڵام توێژەر تەنها ئەوانە دەخاتە ڕوو کە وێنەی ژن-ی تێدایە. لەکاتی باسکردن وەسفکردنی مۆرەکان، توێژەر لە خوارەوە ڕیزبەندیان دەکات بە ژمارە کە لە ١ وە دەست پێ دەکات.

**٢-١-١: مۆرەکانی شاژنە ئوقنیتومUqnitum :**

لێرە بەدواوە ژمارەیەک چاپی مۆری لولەی دەدرکەون بە مۆرەکانی شاژنە ئوقنیتومUqnitum ناسراوە کە خێزانی پادشای خوری توپکیش Tupkiš ە، ئەمانە مۆری شاهانەن بەهێمای q ئاماژەی پێکراوە کە لە Queenوە هاتووە. بەدەر لە دیمەنەکانی سەر مۆرەکە هەڵگری دەقی میخیە کە پێگە وکار وپیشەی کەسایەتییەکان ئاشکرا دەکات بۆمان بەتایبەت ژنەکان.

**مۆری یەکەم**: یەکێکە لە مۆرەکانی شاژنی ئورکیش (وێنەی ٢)کە ناوی لەمۆرەکەدا هاتووە، لەناوەڕاستی ئەم مۆرە برگەیەکی نووسینی میخی هەیە بە ناونیشانی ''ئوقنیتوم-ی شاژن'' Uqnitum NIN. دووکەسایەتی تێدا دەردەکەون بە پێچەوانەی یەک چەماونەتوە، وادیارە دوو ژنن سەرقاڵی کارکردنن (Buccellati and Kelly- Buccellati, 1995, 14-16)، وەک کاری خاوێن کردنەوە، دەبێت ئەمانە خزمەتکاری تایبەت بە شاژن بن.



وێنەی 2 : دوو خزمەتکاری ژن سەرقاڵی کارکردنن.
(Buccellati and Kelly- Buccellati, ((1995)), 15)

**مۆری دووەم:** مۆرێکی زۆر گرنگە(وێنەی ٣)، هەڵگری برگەیەکە لە نوسین بە ناونیشانی ''ئوقنیتوم هاوسەری توپکیش' Uqnitum DAM Tupkiš ە (Buccellati, ((1999)), 246). بە یەکێک لە مۆرە گرنگەکانی شاژنە ئوقنیتوم ناسراوە. شاژن لای چەپی مۆرەکە دانیشتووە، جلێکی درێژی قات قاتی لەبەردایە لە پێنج چین پێک هاتووە کە تایبەتە بە کەسایەتی ئاست بەرز وشاهانەکان (رضا، ٢٠١٦،٦٣ )، قژێکی درێژی برچکراوی هەیە. دیمەنی سەر مۆرەکە تایبەتە بە خێزانی شاهانەی

ئورکیش کە پێک هاتووە لە پادشا وشاژن ودوو شازادە. بچووکەکەیان لەباوەشی شاژن دانیشتوە، شازادەی دووەمیان گەورەترە (Buccellati and Kelly- Buccellati,((2001)), 22)ولەبەردەم پادشای باوک وەستاوە (هەرچەندە بەشی سەرەوەی پادشا دیار نییە) دەستێکی لەسەر ئەژنۆی توپکیشە. ئەمەش نامەیەکی سیاسیە کە کوڕی ئوقنیتوم دەبێتە جێنشینی پادشای باوک (Hansen,2003 ,226). تاجەکەی سەری شازادە بەڵگەی ئەم ڕاستیەیە. کەواتا ئوقنیتومی شاژن ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت وەکوو هاوسەری سەرەکی پادشا لەلایەک ودایکی شازادەی جێنشین لەلایەکی دیکەوە( Buccellati and Kelly- .(Buccellati,1995,17.



وێنەی٣: مۆری شاهانەی شاژنە ئوقنیتوم وخێزانەکەی.
(Buccellati and Kelly- Buccellati, 1995, 15)

**مۆری سێیەم (وێنەی ٤):** یەکێکی دیکەیە لەمۆرەکانی شاژنە ئوقنیتوم، هەڵگری بڕگەیەکی نوسراوە بە میخی بەواتای ''ئوقنیتوم-ی هاوسەر''ە، شاژن دەبینین دانیشتووە وپەرداخێکی بەدەستەوەیە بەدەستی ڕاستی. قژێکی درێژی هەیە وپرچی کردووە بۆ پشتەوە، لەبەردەمیدا دەستی کەسایەتیەکی بچووک دەبینرێت لەسەر ئەژنۆی شاژنە. لە پاش وپێشی شاژنەو دوو کەسایەتی مێینە وەستاون وادیارە خزمەتکار/یارمەتیدەری شاژنن (.Buccellati and Kelly- Buccellati,1995,17). شاژن جلێکی تایبەت بە پلە بەرز وشاهانەی لەبەردایە کە کراسی قات قات (مدرج) پێ دەوترێت، هاوکات دوو یارمەتیدەر/خزمەتکاری لای ڕاست قژی بەستووە وکۆی کردۆتەوە لە دواوە کراسێکی سادە و درێژی لەبەرە. لەکاتێکدا ئەوەی لای چەپ وادیارە بەشی پێشەوەی کراسەکەی شەپۆل دارە بە شێوەیەکی ستوونی (رضا، ٢٠١٦، ٦٣).



وێنەی٤: مۆری شاهانەی شاژنە ئوقنیتوم وخێزانەکەی.
Buccellati and Kelly- Buccellati, ((1995)), 15.

**مۆری چوارەم:** ئەتوانین ئەم مۆرە بە وێنەی ژنان ناو بنێن، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو کەسایەتییانەی لەسەر مۆرەکە دەرکەوتوون مێینەن (وێنەی ٥)، **ئەم مۆرە** هەڵگری هەمان دەقی میخی مۆری سەرەوەیە ئەویش' ئوقنیتوم-ی هاوسەرە'، دیمەنی سەرەکی ئەم مۆرە شاژنە ئوقنیتوم ـە کە دانیشتووە وبەقەبارەیەکی گەورەتر دەرکەوتووە لەبەر ئەوەی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بەرزی هەیە، بەدەستی ڕاستی پەرداخێکی هەڵگرتووە ودەستەکەی دیکەینزیکە لە دەستی کەسایەتیەکی بچووکتر کە بەرەو لاو لای ئەو ڕایکێشاوە، ئەم کچە لەسەر زیاتر لە مۆرێک دەرکەوتووە وادیارە شازادەیە ( Buccellati and Kelly- .Buccellati,((1995)), 17). لەهەمان کاتدا تێبینی دەکرێت قژی شاژن بە هەمان ستایلی مۆرەکانی پێشوو ڕازاوەتەوە کە ئەویش پرچە، بەڵام کۆتایەکی بەشریتێکی قردێلەی بەستراوە جیاواز لەوانی تر. شاژنی بچووک بەهەمان ستایلی شاژنی دایک قژی ڕێکخستووە (.Buccellati and Kelly-Buccellati,1997,82). کەسایەتییەکی مێینە لە پشتی شازادەوە وەستاوە دەستێکی بەرەو شاژن ئاراستە کردووە، بەدەستەکەی تر گۆزەیەکی بچووکی هەڵگرتووە ( Buccellati and Kelly- .Buccellati,((1995)), 17)، بێگومان شلەمەنی/خواردنەوە پێشکەش بەئوقنیتوم دەکات، ئەم خانمە قژی کۆکردۆتەوە بۆ دواوە، وکراسێکی درێژی لەبەردایە وادیارە شریتێکی ستوونی ریشاڵ ڕیشاڵی پێوەیە. هاوکات ئەو خانمەی لەپشت شاژنەوەیە، وادیارە گەورەی خزمەتکارەکانە ودەستەراستی شاژنە (توێژەر بە هاوەڵی شاژن ناوی دەبات) هیچی بەدەستەوە نییە ولەحاڵەتی ئامادە باشیدایە، بەشی سەرو خواروی کراسەکەی بە شریتێکی ریشاڵ ریشاڵ ڕازاوەتەوە. ئەو شریتە ڕیشاڵ ریشاڵەی ئەم هاوەڵە ووردتر وزیاتر دیارە بەبەراورد بە خزمەتکاری یەکەم، توێژەر تێبینی ئەوەی کردووە کە شێوازی بەستی قژیان هاوشێوەی یەکە. بەقەبارەیەکی بچووکتر ولەخوار دەقە میخێکەوە، دیمەنی دوو خانمی ژن دەردەکەوێت دانیشتوون، یەکێکیان

ئامێری میوزیکی قیســـارە دەژەنێت، ئەوەی دیکەیان دەســـتی لای گوێیەتی وادیارە گۆرانی بێژە ( Buccellati and Kelly- Buccellati,((1995)), 18.). وادیارە شاژن لەکەشێکی ئارامدایە وگوێبیستی میوزیک وگۆرانی دەبێت (رضا، ٢٠١٦، ٤٨).



وێنەی (٥): مۆری تایبەت بە شاژنە وقنیتوم.
Buccellati and Kelly- Buccellati, (1995), (15)

**مۆری پێنجەم**: لە بنەڕەتدا ئەمە دوو مۆرە کەبە مۆرەکانی ٦و٧ شـاژنە ئوقنیتوم ناسـراوە بڕوانە **(وێنەی ٦)**، دیمەنی سـەر مۆرەکان کۆکراونەتەوە لەیەک مۆردا دانراوە. هـاوشـــێوەی مۆری پێشـــووە (مۆری چوارەم). هەمـان کەســـایەتییەکـان بە جیاوازییەکی زۆر کەمەوە دەردەکەون، تەنها ئەو جیاوازیە زۆر زەقە کە مێزێکی بەرز وگەورە لەپشـــتی شـــازادە وبەردەمی خانەی خزمەتکار دەردەکەوێت، کراسی دوو خزمەتکارەکە پێچەوانی مۆری سەرەوەیە.



وێنەی (٦): دەرکەوتنی شاژن و هاوەڵەکەی، لەگەڵ ژنانی دیکە.
Buccellati and Kelly- Buccellati, ((1995)), (20)

**٢-١-٢: دەرکەوتنی ژن لەسەر مۆرەکانی نێو ماڵ شاژن:**

مۆرە لولەیەکانی نێو ماڵ/کۆشـکی شـاژنە ئوقنیتوم بە پیتیhدیاری کراوە کە لەhouse ەوە هاتووە، بەپێی بەڵگە نوسراوەکان بێت، خاوەنی مۆرەکان کە ژنن کار وپیشـــەی تایبەت بە خۆیان لە نێو کۆشـــکی شـــاهانە هەیە کە یەکێکیان دایەن-ە وئەویتریان چێشتلێنەرەوە.

**مۆری یەکەم :** بە (h 1 و h 2) ناســـراون، لەبنەڕەتدا دوو مۆری جیاوازە بەلام لەبەر ئەوەی هەمان دیمەنیان لەســـەر یەکخراون(وێنەی ٧-أ) دوای چاکردنەوەی دیمەنەکان، ناوی خاوەنی مۆرەکەی لەسەر کە زامێنا (Zamena Kelly,1995,23.)، زامێنا خزمەتی شاژن ومنداڵەکانی دەکات (Buccellati and Kelly,(1999),18.). پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان زامێنا ومنداڵی شـاژن هەیە وەک لە وێنەکەدا دیارە ولەباوشـی شـاژندایەو زامێنا دوو دەستی گرتوە. مۆرەکە نوسینی میخێ لەسـەر بەناونیشـانی 'مۆری زامێنا دایەن/منداڵبەخێوکەر/چاودێر-ی ئوقنیتوم' (Buccellati and Kelly,2002,132.). لەکنەوپشـکنینەکانی ٢٠٠٣ چاپی مۆرێکی زامێنا دۆزرایەوە لە کۆشکی شاهانە، تیایدا دەردەکەوێت سەرقاڵی ڕێکخستن وئامادەکردنی قژی شاژنە (Kelly-Buccellati, (2005), 31). (بڕوانە وێنەی ٧ ــب). وادیارە ئەم کەسـایەتیە جیگەی متمانەیەکی بەهێز بووە لەلایەن بنەماڵەی شاهانەوە.





لای ڕاســـت: وێنەی (٧-أ): زامێنای دایەن خزمەتی شـــاژن ومنداڵەکەی دەکات Buccellati and Kelly- Buccellati, (1995)), 22)). لای چەپ: وێنەی (٧-ب) زامێنا قژی شاژن ڕێک دەخات. Kelly-Buccellati, ((2005)), 32.

سـەرۆکی چێشـتلێنەرەکانی کۆشـک بێت بۆ ئامادەکردنی گۆشـت وپەنیر (Buccellati, 1999, 245.) تولیTuli لە مۆرەکەدا سـەرقاڵی کارەکەیەتی ئەویش چێشتلێنانە، دوو ڕانە ئاژەڵ لای سـەرێوە هەیە، ئەو کەسـەی (پیاوەی) بەنیازە مەڕەکە سـەر ببڕێ

بەدەســتێکی چەقۆی هەڵگرتووە. ئەم مۆرە هاوشـێوەی مۆرەکانی دیکە نوسـینی میخی لەســەرە بە ناونیشــانی **' چێشــتلێنەری ئوقنیتوم'** (Buccellati and Kelly,1995,23.). ناوی **تولی چێشــتلێنەر** لەســەر مۆرێکی دیکە دەردەکەوێت کە ســەرقاڵی چێشــت لێنانە، ونوســینی میخی لەسـەر مۆرەکەی هەیە (بڕوانە وێنەی٩). هەردوو مۆرەکەی تایبەت بە تولی ســەلمێنەری ئەو ڕاســـتیەیە کە پێگەی ئەم ژنە کەمتر نییە لە خزمەتکارەکانی دیکەی نێو کۆشـــک کە خزمەتی خێزانی شـــاهانە دەکەن. تولی چێشـــتخانەی کۆشـــک بەڕێوە دەبات کە بەشـــێکی گرنگی نێو کۆشـــکە بەتایبەت لەکاتی ئاهەنگ وڕێوڕەســـمە گرنگەکان (Buccellati, 2013, 92-93).




لای ڕاست: وێنەی (٨): تولی چێشتلێنەر سەرقاڵی کارکردنە. (Buccellati and Kelly- Buccellati, ((1995)), 22)
لای چەپ: وێنەی (٩) تولی چێشتلێنەر سەرقاڵی ئامادەکرنی خواردنە. (Buccellati, ((2013 )) , 92)


ژمـارەیەکی بەرچـاو لەمۆری لولەی بە دیمەنی هەمەجۆر لە ئورکیش دۆزرایەوە، ژنـان تێـایدا بە بـابەت ونـاســـنـامەی جۆراوجۆرەوە دەرکەوتوون کە لە خوارەوە باسیان دەکەین.

**مۆری یەکەم**: لەسەر (وێنەی١٠) دیمەنی خواوەندێکی لاوەکی دەبینین دەستی کەسایەتێکی پلەبەرز/شاهانەی گرتووە بەرەو لای خواوەندی سـەرەکی (مێینەیە) دەبات. بەشـێک لە توێژەران بە خواوەندی نینخورسـاگ (خواوەندی چیا ناوی دەبەن) لەسـەر کورسی دەسەلات دانیشتووە کە لە شێوەی شاخ/چیایە (رضا، ٢٠١٦، ٥١) هەردوو خواوەندەکە کلاوی شاخداریان بەسەرەوەیە وجل وبەرگی تایبەت بە خواوەند وکەسایەتیە ئاست بەرزەکانیان لەبەردایە کە کراسی قات قات (الرداء المدرج)ە (رضا،٢٠١٦، ),ئەو ژنەی لەبەشی دواوەیە هاوەڵی ئەو خانمەیە خواوەند دەستی گرتووە، ڕەنگە یاریدەدەر یان خزمەتکاری بێت.



وێنەی(١٠):خانمێکی خانەدان وهاوەڵەکەی لە رێگەی خواوەندێکی مێینەوە دەچنە بەردەم ژنە خواوەندێک. حاج درویش، ٢٠١٦، ٣٤٨.

**مۆری دووەم**: لە کنەوپشـــکنینەکانی ٢٠٠٣ لە ئورکیش وتایبەتر لە کۆشـــکی توپکیش ئەم مۆرە دۆزرایەوە (بڕوانە وێنەی ١١)، دیمەنێکی ڕێوڕەســـمی ئاینی خورییەکان نیشـــان دەدات (Kelly-Buccellati, ((2005)), 36.). لای چەپی مۆرەکە کەســـایەتییەک دانیشـــتووە بەپێی ســـتایلی قژی وتەســـریحەکەی بێت کەســـایەتییەکی مێینەیە (ژنە). هەرچەندە ئەم مۆرە دەقی نوسراوی تێدا بەدی ناکرێت بەلام بەپێی دانیشتن وجلو بەرگی بێت ئەو ژنە خاوەن پێگەیەکی بەرز ودیارە، لەوە دەچێت سەری ئەو ئاژەڵە ســـەربڕاوە بەدەســـتەوە بێت کە لەناو دەفرکەیە. لەلای ڕاســـتی مۆرەکەوە دوو ڕەبەن (پیاوانی ئاینی) دەردەکەون کە ئاژەڵێکی سەربڕاویان لەنێواندایە وسەرقاڵی بەتاڵ کرنەوەی خوێنی ئاژەڵەکەن(Kelly-Buccellati,(( 2005)), 36.).




وێنەی (١١): ڕێوڕەسمی ئاینیی بەبەشداری خانمێکی پلەبەرز.
Kelly-Buccellati,(( 2005)), 36.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**مۆری سێیەم**: وێنەی (١٢) یەکێکە لەو مۆرانەی کە تەواو جیاوازە لە ڕووی بابەتە، بەلام گرنگیەکی زۆری هەیە توێژینەوەکەمان لەبەر ئەوەی نیشاندەری کار وپیشەی ژنانە. مۆرەکە دابەشی دووبەش کراوە، بەشی سەرەوە لە ڕەفە دەچێت کە گڵێنە /گۆزەی لەسەر دانراوە, بەشی خوارەوەی مۆرەکە دوو خوێندنەوە بۆ دیمەنەکەی کراوە: یەکەمیان: دانیشتنی ژنێک لەسەر ئەژنۆ دانیشتووە وسەرقاڵە بە کاری رۆژانەی ناوماڵ. دووهەمیان کە بەهێزترینیانە لەلایەن توێژەرە ئەو ژنە سەرقاڵی دروستکردنی گڵێنە (گۆزە)یە لە کارخانە /وەرشە، دەبینین دەستی ژنەکە بە لێوار وبنکەی گۆزەکەوەیە. ( Buccellati and Kelly, ((1995),26)، وادیارە کۆی بابەتەکە بەرهەمهێنانی گۆزە/گڵێنەیە لەلایەن پیشەوەرێکی ژنەوە، بەبەڵگەی ئەوەی دوو نمونەی ئامادەکراوی گڵێنەی نمایش کردووە لەسەر ڕەفەکان یەکێکیان گەورەیە بە ئەنازەی ئەو نمونەیەی لەبەردەستی ژنەکەیە، دووهەمیان لاشە، مل ولێواری بچووکترە (Kelly-Buccellati, 2019, 414-415).



وێنەی ١٢ : ئافرەتێک/ژنێک سەرقاڵی دروستکردنی گڵێنەیە.
Kelly-Buccellati, 2019, 422.


گڵێنە یەکێکە لە پێداویستیە سەرەکیەکانی تاک لەوڕۆژگارەدا، کە شێوەی جۆراوجۆری هەیە وەکو دەفر وپەرداخ وگۆزە دروست دەکرا، نمونەی بەکارهێنانی ئەم کەرەستانە لەسەر چەندین مۆری ئورکیش دەرکەوتووە. ژنێک دەبینین گۆزەیەکی بەسەر سەری هەڵگرتووە، ئەمەش پێمان دەڵێت ڕەنگە خواردنی تێدا ئامادەکردبێت بڕوانە (وێنەی١٣ ). دیمەنێکی دیکەی سەر مۆرەکان بریتیە لە پێشکەشکردنی خوانێک بۆ کەسایەتیەکی مێنەی پلە بەرز (وێنەی ١٤)، وادیارە خوانەکە لەلایەن سێ خزمەتکار ئامادەکراوە تیایدا زیاتر لە پەرداخێک لەسەر مێزی تایبەت بە نان خواردن دەرکەوتووە ,Kelly-Buccellati (2019, 415).





لای ڕاست: وێنەی (١٣):هەڵگرتنی گۆزە. .Kelly-Buccellati, 2019, 422
لای چەپ: وێنەی (١٤): پێشکەشکردنی خوانێکی شاهانە لەلایەن خزمەتکارانەوە..Kelly-Buccellati, 2019, 423

**مۆری چوارەم:** بەدەر لەو نمونانەی لەسەرەوە باسکراوە دیمەنی ئامادەکردنی خواردن لەلایەن ژنانە یەکێکە لە دیمەنە سەرەکێکانی سەر مۆرەکانی ئەم سەردەمە، لە وێنەی (١٥) کەسایەتیەک دەبینین پێیّ دەچێت ژن بێت هەرچەنە بەشی سەرەوەی شکاوە ودیار نییە، دەفرێکی شێوە تاوەی لەبەردەمدایە وسەرقاڵی ئامادەکردنی خورادنە(Kelly-Buccellati, 2019, 415 ). ئەتوانین بڵێین هاوشێوەی ئەو دیمەنە لەسەر مۆرێکی دیکە لە ئورکیش دەرکەوتووە (بڕوانە وێنەی١٦), مۆرێکی لولەییە، دوو کەسایەتی سەرەکی تێدایە کە دانیشتوون لەسەر ستوولێک ولەنێوانیان مێزێ/تەپڵەکێک هەیە وادەردەکەوێت خوردانی لەسەر بێت. کەسایەتی لای چەپ پێدەچێت پیاو؟ بێت پەرداخێکی بەدەستەوە گرتووە. ئەو کەسایەتیەی لا ڕاست دەرکەوتووە ژن (ئافرەت)ە، بە پێچەوانەی کەسایەتی یەکەمەوەیە دانیشتووە چونگە گۆزەیەکی/کوپەیەکی گەورەی لەبەرامبەرە ودەفرێکی بچووکی لەبەردەمدایە، وادیارە سەرقاڵی ئامادەکردنی شتێکە بۆ خواردن/خواردنەوە، پاشان کەسایەتێەکی تەمەن بچووکتر لەبەردەمی وەستاوە. دەتوانرێت کۆی دیمەنەکە بە دیمەنێکی خێزانی وەسف بکرێت کە پێک هاتووو لە باوک (پیاوێک دانیشتووە وسەرقاڵی خواردنەوەی شەرابە)، ودایکێک (ژنێک) کەسەرقاڵی پڕکردنی/بەتاڵکردنی گۆزەیەکی گەورە لە شلەمەنیە وپێشکەشکردنی خواردنوخواردنەوەیە بۆ خێزانەکەی، کەسێکی بچوووکتر لەتەنیشت ژنەکە دەردەکەوێت وادیارە هاوکاری دەکات ڕەنگە کوڕ/کچی خێزانەکە بێت، یان خزمەتکار بێت ((Dohmann- pfälzner and pfälzner, 2002, abb23). لەم دوومۆرەی سەرەوەدا دەبینین ژنان وەک هەمیشە سەرقاڵی ئامادەکردنی خوان وخزمەتی خێزانەکەی دەکات.





وێنەی (١٥): ئامادەکردنی خواردن لەلایەن ژنێکەوە.
Kelly-Buccellati, 2019, 427.

وێنەی١٦: ژنێک سەرقاڵی ئامادەکردنی خواردنە بۆ خێزانەکەی.
Dohmann-/pfälzner and pfälzner, 2002, abb.23.

کە بە ئەکەری زۆرەوە زنن لای چەپ مۆرەکە دەبینین سەرقاڵی ئامادەکرنی شتێکن لە گۆزەیەکی دریژکۆلەدا، لەهەمان کاتدا لەلای ڕاستەوە کەسێکی دیکە دەبینین دانیشتووە ودەفرێکی لەسەر ئەژنۆی داناوە وبەدەستێکی کەرەستەکەی نێوی تێک دەدات (Kelly-Buccellati, 2019, 416.). لەوە دەچێت کەسێکی دیکەش لەبەرامبەری دانیشتبێت لەو جۆرە کارە بکات بەلام لەبەر ئەوەی تەنها بەشێکی قاچی دیارە وبەشەکانی دیکەی شکاوە ناتوانرێت تەواوی دیمەنەکە بخەینە ڕوو.



وێنەی (١٧):ژنان سەرقاڵی خواردن ئامادەکردنن.
Kelly-Buccellati, 2019, 426.

=

**ئەنجام**

توێژەر لە ڕێی ئەم توێژینەوەیە گەیشــتە ئەنجامی ئەوەی لەهەزارەی ســێیەمی پ.ز. ژنان بە شــیوەیەکی بەرچاو لەســەر شــوێنەوارەکان دەرکەوتوون, تـاکێکی لێهـاتوو تـایبەتە توانـای ئەوەی هەبووە لەیەک کـاتدا کـاری مـاڵەوە ودەرەوە بە ئەنجام بگەیەنەێت. بەڵگە شوێنەواریەکان ئەوەیان سـەلماند کە ژن ڕۆڵ وپێگەی یەکجار گرنگی هەبووە، لە پلەو پۆستی گرنگدا بووە کە کەســانی دیکە خزمەتی کردوون. زیاتر لە ژنێک لەســـەر هەڵکۆڵراوەکانی گوندک لە ئاکرێ دەرکەوتوون کە بەشــداری ئاهەنگ ومەراسیمێکی خێزانی دەکەن بە بەشداری چەندین منداڵی ساوا وگەورەکان. لەبەر ڕۆشنایی دەقە میخییەکان ئاشنای ناوی کەسیی وپیشەی چەندین کەسایەتی مێینەبووین، شاژنە **ئوقنیتوم** Uqnitum هاوسەری پادشای خوری توپکیش-ە، لە یەک کاتدا ڕۆڵی هاوسەر، دایک، شاژنی بینیوە، ناوی لەسەر مۆرە لولەیەکان بەناونیشانی ئوقنیتوم-ی شاژن NIN Uqnitum و ئوقنیتوم-ی هاوسەر Uqnitum Dam دەرکەوتووە. ئوقنیتوم لەڕێگە مۆرێکی تایبەت بەخۆیەوە پەیامێکی سیاسیی گەیاندووە بە ڕکابەرەکانی کە هاوسەری سەرەکی پادشایە وکوڕەکەی دەبێتە جێنشینی پادشا. لە مۆرەکانی تری ئەم شاژنە ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسـایەتی مێینە دەرکەوتن خاوەنی کار وپیشــەی تایبەت بوون لەنێو کۆشـکی شـاهانە وەک هاوەڵ وخزمەتکاری تایبەت بە شـاژن، لەهەمان کاتدا بەشێک لەخانمان لەسەر مۆرەکە وەکو موزیک ژەن وگۆرانیبێژ دەرکەوتوون. هاوکات لەبەر ڕۆشنایی دەقە میخییەکان ولەسەر دوو مۆر ناوی زامێنا وەکو دایەنی منداڵەکانی شاژنە ئوقنیتوم هاتووە، پێێ دەچێت ئەم ژنە دەستەڕاستی شـاژن وکەسێکی متمانە پێ کراوبێت لەلا، لەلایەکی دیکەوە خێزانی شـاهانەوە. لە مۆرەکانی تایبەت بە کۆشـک پیشـەی ژنێک بەناوی تولی Tuli چێشتلێنەری ئوقنیتوم ناسراوە کە ڕەنگە بەرپرسی کاروباری چێشتخانەی کۆشک بێت وبەرپرسیارێتیەکی گەورەی لە ئەستۆ دایە، چێشتلێنان کارێکە لەسەردەمانی کۆنەوە وابەستەی ژنان کراوە تاوەکو ڕۆژگاری ئەمرۆمان. هەرچەندە هەموو ئەو مۆرانەی توێژەر بەکاری هێناون لە ئورکیش دۆزراوەتەوە بەلام هەمووی نوســـینی لەســـەر نییە بۆیە خاوەنەکەی ناناسرێت ونازانین کە ئەوانی تریش سەر بەکۆشکی شاهانەن یاخود نا، ژنان لەچەند دیمەنی جیاوازدا وەکو خێزانی وئاهەنگ گێڕاندا سەرقاڵی ئامادەکردنی خوان وڕازانەوەی سفرەن بۆ خێزانەکەیان یان بۆ ئەوکەسانەی کاریان لا دەکەن. بەڵگەی ئەوەمان دەسـتکەوت کە ژن لە کارخانە/وەرشــەی تایبەتدا وەکو پیشــەوەرێک ســەرقاڵی گڵێنەی دروسـت کردنە. ژنان بەشـداریان لە ڕێوڕەسمی ئاینی جیاواز کردووە وەکو ڕێوەرسمی سەربڕینی ئاژەڵ وقوربانی کردن.

**لیستی سەرچاوە عەرەبییەکان:**

1. ابراهيم، نعمان، جمعة، *حضارة العصر الحجرى الحديث فى كوردستان العراق*، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٣.

2. الامين، محمود،"استكشافات اثرية جديدة فى شمال العراق"، سومر، ج ٢(١٩٤٨).

3. باقر، طه، *مقدمة فى تاريخ الحضارات القديمة (الوجيز فى تاريخ حضارة وادى الرافدين)*، ج١، بغداد، ١٩٧٣.

4. الجادر، الوليد، النحتفى عصر فجر السلالات، *حضارة العراق*، ج٤، ١٩٨٥.

5. حاج درويش، نضـال محمود، *الالهة والكائنات الاسطورية المركبة (فى سوريا وغرب بلاد الرافدين فى الالف الثالث قبل الميلاد*، اربيل، ٢٠١٦.

6. الدباغ، تقى، الثورة الزراعية والقرى الاولى، *حضارة العراق*، ج١، بغداد، ١٩٨٥.

7. رضـا، هاژە عبد الجبار، *الازياء والملابس فى اثار كوردسـتان خلال الالفى الثالث والثانى ق.م*، دراسـة اثارية فنية، رسالة ماجستير غير منشورة فى جامعة السليمانية، ٢٠١٦.

8. صالح، جمال ندا واخرون، *من تاريخ شعوب الشرق الادنى القديم*، ط١، بغداد، ٢٠٢٠.

9. مو رتكات، انطون، *الفن في العراق القديم*، ترجمة :عيسى سلمان وسليم طه التكريتي، بغداد، ١٩٧٥.

10. ناجي، عادل، الاختام الاسطوانية ، *حضارة العراق*، ج4 ، بغداد، ١٩٨٥.

11. و هبي، توفيق ،" المنحوتات الصـخرية في كهف گندك في كردسـتان"، *گۆڤاری کۆری زانیاری-دەستەی کوردی*، بەرگی ١٦-١٧(١٩٨٧)، بغداد.

**لیستی سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

1- Ahmed, K. M., *The Beginnings of Ancient Kurdistan (c.2500-1500BC) A Historical and Cultural Synthesis*, Leiden, 2012.

2- Buccellati, G. and M. Kelly-Buccellati, “The Royal Storehouse of Urkesh: The Glyptic Evidence from the Southwestern Wing”, *AfO*, vol.42 (1995).

3- Buccellati, G. and M. Kelly- Buccellati, Mozan Tell in: *The Oxford Encyclopedia of Archaeology in the Near East*, New York, Vol. 4, 1997.

4- Buccellati, G., Urkesh and the Question of Early Hurrian Urbanis in*: Urbanization and Land Ownership in The Near East*, Harvared College, Vol. 2, 1999.

5- Buccellati, and M. Kelly- Buccellati, In Search of Hurrian Urkesh in: *Archaeology Odyssey*, Vol.4 (2001).

6- Buccellati, G and M. Kelly- Buccellati, Mozan/ Urkesh: A New Capital in The Northern Djezireh in: *The Syrian Jezira Cultual Heritage and Interrelations,* Vol.l, University of California, 2002.

7- Buccellati G., and Kelly-Buccellati M., “Urkesh as a Hurrian Religious Center”, *SMEA*, Roma, 2005.

8- Buccellati, G., “When Were the Hurrians? The Persistence of Ethnicity in Urkesh”, *Cultures in Contact*: *From the mesoptamia to the Mediterranean in the Second Millennium B.C.*, ed. Aruz, J. and B. Graff and Y. Rakic, New York, 2013.

9- Dohmann-/pfälzner, H. and P. pfälzner, “Ausgrabungen der deutschen Orient-Gesllschaft in der zentralen Oberstadt von Tall Mozan/Urkeš”, *MDOG* 133, (2001), Berlin.

10- Hansen, D.P., Art of The Akkadian Dynasty in: *Art of The First Cities (The Third Millennium B.C from The Mediterranean to the Indus*, ed. Joan Aruz, NewYork, 2003.

11- Kelly-Buccellati, M., “Urkesh and the North: Recent Discoveries”, *SCCNH, Bethesda-Maryland*, Vol. 15, 2005.

12- Kelly-Buccellati, M., “Images of Work in Urkesh”, *Pearls of the Past Studies on Near Eastern Art and Achaeology in Honour of Frances Pinnock*, Band 8, 2019.

13- Matthews, R., *The Early Prehistory of Mesopotamia 500,000 to 4,500 bc,* Subrtu V, Turnhout, 2000.

14- Morales, V.B., Jarmo Figurines and Other Clay Objects in*: Prehistoric Archeology along the Zagros Flanks*, Universty of Chicago, Oriental Institute Publications,Vol. 105, 1983.

15- Watson, P.J., Jarmo Worked Bone in*: Prehistoric Archeology along the Zagros Flanks*, Universty of Chicago Oriental Institute Publications, Vol. 105, 1983.